کۆڵ

دیاری قەرەداغی

# هونەرو پۆستی هونەری



دیاری قەرەداغی

هونەر تا چەند پەیوەستدارە بە بڕیارەکانی پشت مێزو کورسییەوە؟ یان پرسیارێکە بەشێوەیەکی تر، ئەگەر بڕیارەکانی پشت مێزو کورسیی دەسەلأت نەبێت، چی لە هونەر دێت؟ ڕەنگە یەکێکی تر ئەم پرسیارە وەها لێبکات (ئەم دووانە تا چەند لێکئالاَون، چەند بۆ یەکتر سوودمەندن؟) چەندین پرسیاری هاوشێوەی لەمەو ناوەڕۆکی ئەم جۆرە پرسیارانە بەگشتی جێگای لێدووان و نووسینە .ئەدی بەڕاست پێویستیی هونەرە یان پێویستیی بەرژەوەندیی خودکەسییە بۆ گەیشتن بە کاسبییەک کە ڕەنگبێت لە ڕێگەی موئەهلاتەکانی خۆیانەوە نەتوانن پێی بگەن؟ باشتر و روونتر بڵێم: دەبێت وەزیفەی کەسی داهێنەری هونەری چی بێت لەوەی پۆستێک وەربگرێت؟ باشە پرسیارێک، ئایا ئێمە بۆ ئەوە پۆستی هونەری وەردەگرین تا کالاَی هونەری و کەمدەستیی خۆمان ساغ بکەینەوە؟ من لەم قسانەمدا رووی دەمم بۆ ناوێکی دیاریکراو ء کەسانێکی مەعنی نابەم بەم دیاردەیە، چونکە دەزانم دوای ئەوانیش مەملەکەت پڕە لە خەڵکی هاوشێوەی ئەوان و ئەم بازنەیە بەردەوامە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە لە بوونی دیاردەکە قسە بکەم، خۆ گەر ویستم توانج و ڕەخنەی شەخسیم بێت بۆ ئەو پۆست بەدەستانە، ئەوا لەم گۆشەیەوە هیچ کات نووسینی هونەریم ناخەمە بەر دیدەیان، لەوەش دڵنیام کە زۆرینەیان یان لێی تێناگەن یا کاتی موتالاَیان نییەو ناشیانەوێت، بەڵکو هەموو ئەو ئەبعادە خواروخێچانەیان کە لە ڕێگەی ئەو پۆستە جیاجیایانەوە بەریان دەکەوێت و لەسەر نزمترین ئاستی تێگەیشتن بەدیدەکرێن و دەنووسرێن و دەکرێن بە بابەتی ڕۆژنامەوانی. ئەوە بۆ نووسەرە تورەبووەکانی ئەم نیشتمانە جێدەهێڵم کە بە فیعلی دوورن لە دنیای هونەرو هونەرمەندیش نین، بەڵکو هونەردۆست و

ئینساندۆستن و چێژبینن بۆ شتی جوان و پاک. ئەگەر بە گریمانەیەک ئیش بکەین بڵێین با تا یەک ساڵی ڕەبەق هەرچی دەرگای ڕێکخراو و سەندیکای تایبەت بە هونەر هەیە دابخرێتء ئەو پۆستانەشی کە سپێردراون بۆ خزمەتەکانی دنیای هونەر وەک سەرۆکی هونەرمەندان و راوێژکاری هونەرییەکان پشوویەک بدەن و لەکار وەلابدرێن بە شێوەیەکی کاتی، ئینجا لەو ساڵەدا تەماشای داهاتی هونەریی هونەرمەندان بکرێت بزانرێ چی لە هاوکێشەکە دەگۆڕێت؟ ئایا ئەو دەمانەی دەیان هونەرمەندی گەنج و لێهاتوو لە سیستەمی ئیشکردنی موئەسەسەو دامەزراوە هونەرییەکان قاڵسدەبن، ئیتر ئەوان بێدەنگ و مەنفین لە کاری هونەری؟ ئایا نەمانبینی هەموو ئەو شاکارە هونەرییانەی کە کراون لە مەیدانی هونەری کوردیدا لە کەسانێکەوە چرۆیان کردو سەوزبوون و چەپڵەباران کران، کە کەمترین بەرکەوتەیان بە سوڵتەی سیاسی و عەسکەری و پیشەیی ئەم ولاَتەوە هەبوو؟ ئەی هەموو ئەو هونەرە بەرزانەی کە بە خودگیرفان و دەخیلەی خێزان و ماڵ و منداڵ و شەونخونی و عەزابی زۆر گران، قایمتر و بە شەخسییەتر نەبوون لە هەموو ئەو کەرنەڤاڵە هونەرییانەی کە پارەی قاروونی بۆ تەخشان و پەخشان دەکرا و کرا؟ دەی کەواتە عیللەتی ئەم دەردە لەکوێدایە؟ چ عەقڵێکە ئەم سیستماتیزە دەهێڵێتەوە بەم نەزم و نەهجە، چ بێدەنگییەکە هاژەو هوژی ئەمانەی زیاد کردووە؟ ئەی بۆ نەماندی هونەرێکی بەرز، کە لە پەنجەکانی دەستی بەنی ئادەم نەترازا، کەچی بینا و ساختمانە تایبەتەکانی بە هونەرو ژوورە شەخسییەکانی کەسە پۆستوەرگرتووەکانی هونەر لە کوردستاندا لە ژووری ئەندام کۆنگرێسەکانی ئەمریکا کەمتر نییە وەڵڵا.

دوا قسەی ئەم باسەم بەو سەرلەقاندنە پڕ ناڕەزاییەی (محەمەد حەسەنێین هەیکەل)ی گەورە ڕۆژنامەوانی میسر و جیهان دەهێنمەوە، کە پڕی بوو لە حیکمەت و پەند ..ئەویش پاش گەڕانەوەیان لەگەڵ سەرۆک ناسر لە داوەتێکیاندا بۆ سۆڤییەت، سەرۆک ناسر موژدەی ئەوەی دایە هەیکەل و لەنێو ئاپۆرای کاربەدەست و وەزیرەکانیدا وتی (دەتکەمە وەزیری ڕۆشنبیری). هەیکەلیش وتی: (حەیف کە سەرۆکەکەم تا ئێستاش وا تێگەیشتووە، کە پۆستی وەزیریی لە ئیشەکەم گەورەترە)..